کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 13-5-2007 19:58

# بارزانی ئەمڕۆ ڕابەری نەتەوەی کوردە ... دیاری

هەموو لە بیرمانە پێرێ لە ئەنقەرەو دوێنێ لە کوردستان و ئەمڕۆ لە پەرلەمانی ئەوروپا بارزانی دەلێت (بەلێ کەرکوک شاری ئاشتی و برایەتی و پێکەوە ژیانە بەلام هەویەی کەرکەوك کوردستانیە) ئەمەش هەلوێستێکە و بارزانی پێ ناسراوە، هەر کە باس لە بارزانی دەکرێت یان لە ووتەکانی ئەمڕۆ ڕۆلەکانی گەلەکەمان زیاتر گوێ شل دەکەن و لە ووتەکانی وورد ئەبنەوە چونکە لە تەواوی دونیادا کوردستانیان ئەمڕۆ هیوایان بە سەرۆکایەتی بارزانیە و دلنیان لەسایەی بیری ژیرانەیدا گەلی کوردستان ئەتوانن بە برایانەو ئاسودەیی بەیەکەوە بژین هەر وەك چۆن لە بەرامبەر پەرلەمانی ئەورووپادا هەموو لایەکی دلنیا کردەوە کە لەکوردستاندا گشت لایەك مافی پارێزراو ئەبێت، وە لە بیرمانە کە هەر زوو لە بارەی کەمە نەتەوەکانی کوردستان خۆی وەك پارێزەرێکی ئەوان نیشان داو ووتی ئەبێت ئێمە دل گەورەتربین لەوەی کەلە دەستوری کوردستاندا هاتووە بۆ ئەو نەتەوانەی لە کوردستاندا ئەژین.

بەلێ بارزانی لە گۆرەپانی سیاسی عێراقی و ناوچەکەشدا جێگای ئومێدە پێش نووسینەوەی دەستووری لەبیرمانە کاتێك کە "خاتوو رایز" وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ویستی سەردانی عێراق بکات بەر لەوەی بچێتە بەغدادی پایتەخت لە (قەتەر) ووە ڕاستەوخۆ سەردانی هاوینە هەواری سەلاحەدینی کرد ئەوکات لەژێر ئالای کوردستان و ئەمریکادا رایز گووتی (بۆیە پێش بەغداد هاتوم بۆلای بارزانی ئەمەوێت رای ئەو وەربگرم پێش هەموان لەسەر دەستوورو لەمەر کێشەکان چوونکە هامووکات بەرێزیان پێشنیاری گونجاویان پێیە بۆ کێشەکان) .. وە ئێمەش وەك رایز دلنیاین لە هەلوێستە بوێرەکانی و بۆچوونە ژیرانەکانی و هەموو لە بیرمانە کە لەبەردەم کۆشکی سپی ئەمریکاداو لە Downing street لە لندەن و لە ئەلمانیا و لە ئیتالیا و لە بەردەم پاپای ڤاتیکاندا و ... هتد لە سەردانەکەی سالی 2005 دا ئەی ووت (مافی ئەوەمان هەیە کە دەولەتی خۆمان هەبێت) .. ؟ ئەم رستەیە روخاندنی دیوارێك بوو کەبارزانی روخاندی چیتر ئەم ووشەیە "بقە" نەما باس کردنی دەولەت، وە چەندین جاری تریش بەرێزیان لەپەرلەمانی کوردستان ئەی ووت هەر رۆژێك و هەر کاتێك بەباشی زانی کە بارو دۆخ گونجاوە ئەم پەرلەمانە بۆی هەیە سەربەخۆیی راگەیەنێت و کەسیش ناتوانێت رێگای لێ بگرێت چونکە وەك هەموو گەلێك ئەو مافەمان هەیە.

دواجاریش ئەو ووتانەی بەرێزیان لە پەرلەمانی ئەوروپا دیارە گرنگی زۆرو هەمەلایەنی هەیە تاکوو ئێستا هەستمان ئەکرد کە پەیوەندی سیاسی سەرکردایەتی کورد زیاتر لەگەل ئەمەریکادا بەهێزە بەلام لەم سەردانەی سەرۆکی هەرێمەوە بۆمان دەردەکەوێت سەرکردایەتی کورد ئەیەوێت رای گشتی ئەوروپا بەلای خۆیدا رابکێشێت و لەنزیکەوە ئاگاداریان بکاتەوە لە راست و دروستی کێشەی ناوچەکە و هەلوێستی کورد و سوور بوونی لەسەر داواکاریەکانی خۆی و دەست هەلنەگرتنی لەسەر مافە رەواکانی بەتایبەت ماددەی (140) ی دەستووری عێراقی کە بەرێزیان زۆر بەووردی تیشکی خستە سەر ئەم مادە دەستووریەو ووتی (پێویستە ئەم مادەیە لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت) و هیچ گۆرانێك قبوول ناکەین لەو مادەیەدا وە بەرێزیان دووبارەی کردەوە کە کورد هەرەشە لەکەس ناکات هەرەشەش لەکەس قبوول ناکات ئەمە بەنیسبەت کوردستانی باشور، وە دەربارەی کوردستانی باکور ووتی کەس و هیچ لایەك ناتوانێت وەك تورکیا هاوکار بێت بۆ چارەسەری کێشەکە چونکە کێشەی pkk کێشەیەکی سیاسیەو بەشەر کۆتای نایات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 13-5-2007 19:58

دەربارەی براكانمان لە پارچەكانی تری كوردستان بارزانی هەروەك پیشەی هەمیشەیی خۆی ووتی " ئەوانە برای ئێمەن ئێمە سیایسی و مەعنەوی هەموو كات ئامادەین هاوكاریان بكەین" تابەجۆرێك گەرایەوە بۆ چۆنیەتی دابەش كردنی كوردستان كە بەرێزیان فەرمووی كاتێك وولاتی ئێمە دابەش كرا هیچ (ئیختیارێكی) ئێمە وەرنەگیرا ئێمە دل و دەرونمان لەگەل براكانمانە لە پارچەكانی تر، بەلێ ئەم هەلوێستانەی بارزانیە وای كردووە كە ئەمرۆ براكانمان لە پارچەكانی تری كوردستان كۆمەلێ هیوایی زۆریان بە بارزانی بێت بۆیە ئەمرۆ بارزانی سەرۆكی هەرێمێكی 8 ملێۆنی نیە بەلكوو ئەمرۆ رابەری نەتەوەی كوردە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بلاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.